چیرۆکی وەرگەڕاو



زەکەریا تامر

# نانـــــــــه رەق

و: عەباس مەجید

عەباس زۆر بە ڕێگەوبانەکاندا سووڕایەوە، فرۆشگەکانی نان دەرگەیان کڵۆم درابوو، دەمێک بوو گەنم و دانەوێڵە بزر بوو، خاک بەدوای هانای مرۆڤەوە نەدەهات، عەباس سەری سوڕما کاتێک بینی کە منداڵێک لە ماڵێکەوە دەردەچێ و پارچەیەک نانە رەقی سپی بە دەستەوەیە، بۆیە لە شوێنی خۆیدا ڕەپ ڕاوەستا، لە شوێنی خۆیدا مەیی و دڵخۆش بوو کە چاودێری منداڵێک دەکات، پاشان بۆی هەستا، نانەکەی لە دەستی فڕاند، بۆی دەرچوو و هەڵهات، هاوکات هاوارێکی سامناکی بە دوو بوو، عەباس گەڕایەوە بۆ ماڵ، دەرگەی ژوورەکەی لە دوای خۆیەوە توند داخست، ئینجا لە قەراخ قەروێڵەکەیدا دانیشت، تینوو، ماندوو بوو لەولاشەوە چاوی هەڵواسراوی نانەکە بوو. بە خۆشییەوە پەنجەکانی گەیاندە نانەکە، بۆنی کرد، بە کەمێک ئاو تەڕی دەکات، پاشان چاوەڕێ دەکات شل و نەرم بێتەوە، ئەو دەمە قووتی دەدا و

پارچە پارچە دەیجوێت، عەباس گوێی لە لێدانێکی نەخوازراوی دەرگە بوو، کرژەوە بوو، هەناسەی وەستا، دەستی بە نانەکەوە راگرت لە کاتێکدا لێدانی دەرگە بەردەوام بوو، دەنگێک بەرزەوە بوو بانگی دەکرد: عەباس.. عەباس...

عەباس یەکسەر خاوەن دەنگەکەی ناسییەوە و بە گێلییەوە گوتی: کێیە؟.

لەیلام.

لەیلا کچی مامی بوو، کچێکی جوان، رەنگ پەڕیو، بێدەنگ، لە کاتی مردنی دایک و باوکییەوە بە پێش چەند مانگێک لە ماڵیاندا دەژیا، عەباس بۆتان بە ئازار بوو، چونکە لەیلا ئەویندار برا گەورەگەی بووبوو، کە سەفەری کردبوو بۆ شارێکی دوور، بە مەبەستی گەڕان بە دوای کاردا، عەباس گوێی لە دەنگی لەیلا بوو هاواری دەکرد: دەرگەکە بکەرەوە.

- برۆ، دایکم بەجێتی هێشت.

دایک تێکۆشەر بوو لە چاودێریکردنی عەباس دا، بواری نەدەدا لە لەیلا نزیک بێتەوە.

عەباس بە بەردەوامی دەیویست ببێتە " با " و لەیلا هەڵی مژێت، تاوەکو لە ناخی هەموو خانەیەک لە خانەکانی جەستەیدا ئۆقرە بگرێت، لەیلا دەیترساند، لە چاویدا بێزاری درێژ دەبووەوە، وەکو ئەوەی عەباس " گا " یەک بێت لەوەیە هێرش بکاتە سەری و بە قۆچەکانی سکی بدڕێت.

- دەرگەکە بکەرەوە.

عەباس لە دەرگەکە نزیک بووەوە، رووەمەتی خستە سەر تەختەکەوە، بێ ئەوەی هەوڵی کردنەوەی بدات، دەستەکانیشی هەر بە نانەکەوە بوو، سەرلەنوێ لەیلا دەستی کرد بە لێدانی دەرگەکە، بە پێداگرییەوە هاواری دەکرد: عەباس.. عەباس.. دەرگەکە بکەرەوە.

- برۆ، دایکم بە جێتی هێشت.

- دەرگەکە بکەرەوە.

- چیت دەوێ؟.

- دایکت لە ماڵەوە نییە؟

عەباس بە ئاسوودەییەوە هەناسەی هەڵکێشا، لە کاتێکدا لەیلا بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دووبارەی دەکردەوە: دەرگەکە بکەرەوە .

- چیت دەوێ؟ .

- دەمەوێ بتبینم .

- چیت له من دەوێ؟

- دەمەوێ بێمە ژوورەوە.

- دەرگەکە ناکەمەوە.

- برسیمە.

- خۆ ژوورەکەم کۆگای ئازووخە نییە.

- نانم بینی.

دەنگی عەباس جیا بووەوە: نانەکە نانی خۆمە.

- من برسیمە.

- نان نانی خۆمە.. موڵکی خۆمە.

- پارچەیەکی بچووکی دەرخواردم دە.

- بە برسێتی بمرە.

لەیلا کەمێک بێدەنگ و هێور بووەوە و پاشان بە دەنگێکی شێواو گوتی: ئەی بۆ تۆ منت خۆش ناوێ؟

- تۆم خۆش ناوێ.

جارێکی تر بێدەنگی هەڵکشا، ئەمجا لەیلا بە ناسۆری و دڵشکاوییەوە پرسیاری کرد و وتی: ئەی بۆ کەمێک منت خۆش ناوێ؟.

- چیم پێ دەبەخشی ئەگەر نانت بدەمێ؟.

- نانم پێ دەدەی؟ .

- هەموو نانەکەت پێ دەدەم.

- هەرچی بخوازی دەتدەمێ.

عەباس هاواری کرد: ئەوەی بمەوێت لە تۆدا ئەنجامی دەدەم.

- دەرگەکە بکەرەوە.

- دەزانی چیم لە تۆ دەوێ؟.

- دەرگەکە بکەرەوە.

- ماچت دەکەم.

لەیلا بێدەنگ بوو.

- جلەکانت دەدڕێنم.

لەیلا بێدەنگ بوو

– گۆشتەکەت دەخۆم.

لەیلا بێدەنگ بوو

– ئاگەداری دایک و براکەم نەکەیتەوە.

– بیکەرەوە.. من برسیمە.

عەباس دەرگەکەی کردەوە، لەیلا یەکسەر تەماشای ژوورەوەی کرد، چاوی بڕییە نانەکە کە بەدەست "عەباس"ەوە بوو، بە پەلە شاردییەوە و خستییە پشتی، لە لەیلا نزیک بووەوە، گەڕایەوە و گوتی: یەکەم جار نانەکەم بدەرێ.

– نانەکەت پێ نادەم، لەوانەیە هاوار بکەی یاخۆ هەڵبێی .

– هەڵنایەم.

– دوایی نانەکەت پێ دەدەم.

لەیلا سەیری کرد و پاڕایەوە، گوتی: نانەکەم بدەرێ .

عەباس نانەکەی توند بە پەنجەکانی گرت، هەستی کرد هێزێکی نامۆ داگیری دەکات، گوتی: لەسەر مێزەکە دای دەنێم، لە دوای تەواوبوون دەیبەیت.

عەباس رووی لە مێزەکە کرد و نانەکەی لە سەرەوەی دانا پاشان گەڕایەوە بەرەو لای لەیلا، رووبەڕووی وەستا و دەیڕوانییە پێیەکانی، لە برسانا چاوی زەق کردەوە.

ئەم لەیلایە، لە پێناوتدا ئازار دەچێژێ، خەونی بینی کە دایک و براکەی لە شەوێکدا سەر دەبڕدرێن، لە نێو حەوشەی ماڵدا لە گۆڕیان دەنێن، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ لە ئامێزگرتنی لەیلای نووستوو بە دوو دەستی خەڵتانی خوێنی سوور.

عەباس بە خێرایی بەرەو لای لەیلا چوو، بە هەردوو دەستی ناوقەدی داگیر کرد، تا ئەو رادەیەی بەرگری کرد، ناچاری کرد بەجێی بێڵێ، بە تووڕەیییەوە بە روویا هەڵشاخی و پێی گوت: نانەکەت پێ نادەم.

لەیلا هەر لە شوێنی خۆی وەستا، دوودڵ و پەشۆکاو، پاشان لە عەباس نزیک بووەوە، خۆی پێوەی ئاڵاند، سەر لە نوێ دەستی کرد بە گوشینی لە نێو قۆڵەکانیدا، دەستی کرد بە ماچکردنی پرچ و مل و روومەتی، ناچاری کرد لە گەڵیدا راکشێت لە سەر دۆشەکێک، بە درێژی بە یەکەوە ئاڵابوون، رووبەڕوو دەمی خستە سەر لێوانی، یەکسەر لەیلا خۆی پیادا، لە دەروونیدا هەستی بە تامێکی قێزەون کرد، تامی جگەرەی تیژ و سوتێنەری کرد، هەوڵی

بەرگریکردنی دا لە خۆی، بەڵام دەمی نووسا بوو بە لێوی خوارەوەی، هێدی.. هێدی چێژی نوێی وەرگرت، پتر پێی خۆش بوو، شادی بەخشییە ئەو هێمنییە نوستووەی کە لە ناخیدا گرمۆڵە بووبوو، نانەکە بۆ ئەو دەبێت، لێ لەگەڵ "عەباس" دا بەشی دەکات، هەستێکی توند و گران دای گرت، لە ترسێکی زبردا خنکا، بە هەناسەسوارییەوە چرپاندی: وازم لێ بێنە. هاوار دەکەم.

– هاوار بکە. عەباس چێژی وەرگرت لە لێوە شۆڕ و نەرمەکەی.

لەو دەمەدا گۆرانییەک لە خوێنبەری لەیلا بە فیڕۆ چوو، گۆرانییەکی بێ پەیڤ، ریتمێکی ترسناک، کە مەمکی خستە نێو دەمییەوە، شەوڕەوی کرد لە نێو گۆشتی بەفرینی ساردیدا ئەمجا بەدەرکەوت خۆری هاوینی پیری، سۆزێکی زیانبەخش نەفامی پێ کرد، هەستی کرد عەباس هەروەکو منداڵی بێت وایە، هەستی بەوە کرد خەریکە شیر دەڕژێتە نێو دەمییەوە، گوێی لێ بوو عەباس پێی دەڵێ: چاوانت بکەرەوە.

گوێڕایەڵی بوو، تەماشای کرد، تێڕوانینی پڕاوپڕ بوو لە خۆشی و لەزەت

"روانینی چاوی کۆترێکی بێ باڵ " و سۆزداری عەباس بۆ بینینی جەستەی رووتی وەک بڵێسەی ئاگر بوو گڕی دەدایە درەختەکانی دارستان.

دەستی کرد بە لابردنی جلەکانی و رووتکردنەوەی، پێی ناخۆش نەبوو، بەڵکو خۆی بە دەستەوە دا، بە دەستەوەدانێک چوون منداڵ بۆ دەستی دایکی، جلی ژێرەوەی پیس و کۆن و رزیو بوو.

گۆشتی جەستەی سپی رووتی بە دەرکەوت، رۆژی جەستەی دەدرەوشایەوە، دەستەکانی عەباس درێژتر بوونەوە، بە شڵەژانەوە پەتی سەوزی پرچەکەی لێ کردەوە، پرچی بە نارێکی پەرت و بڵاو بووەوە و شەوی بە رۆژی جەستەی کچە تێکەڵ بوو.

عەباس بە دەنگێکی پڕ لە خۆشییەوە پێی گوت: لە ئامێزم بگرە.

بە دەستێکی توند ملی گرت و بەڵام بە پەنجەکانی دەستەکەی تری پاڵەپەستۆی خستە سەر گۆشتی کەمەری.

عەباس گوتی: پێم بڵێ تۆ منت خۆش دەوێ .

– خۆشم دەوێی

– پێم بڵێ ئەی خۆشەویستم

– تۆ ئەی خۆشەویستم

– ماچم بکە

لەیلا دەستی کرد بە ماچکردنی، ماچی بچکۆلە و بە پەلە و یەک لە دوای یەک.

عەباس کەوتە نێو جیهانی گڕگرتووی لەیلاوە. هەوڵی خۆی بە گەڕ خست بۆ ئەوەی بەڕێزی پیشان بدات، ناپاکی و برسێتی کۆنی بۆ جەستەی لەیلا بە پاڕانەوە بەیان کرد، کەچی نەیتوانی مێردێتی خۆی نیشان بدات، دەیزانی خۆی هیچ نییە بێجگە لەوەی کە بوونەوەرێکی بەدڕەوشت و توڕەهاتە،

بە گرفتەوە دەلەرزی.

لەیلا راکشا، پێوەی نووسا و داوێنی گرتبوو، چاوی نوقاند، خەیاڵی دەکرد، وەک ئەوەی گوێی لە گرمەی بڕاوی گاگەلی هاربێت، بە دەم کراوەیی چاوەڕێی کرد، تاوەکو گا هارەکان قبووڵ بکات.

عباس هەستی بە شەرم و رامان کرد، بیری خستە سەر خوانی نانەکە، و گۆشتی نەرمی بە دەست کرد و خەیاڵی نانی تەڕکراوی دەکرد کە بۆنی کێڵگەیەکی لێ دەهات، بارانێکی زۆری کەوتبێتە سەر.

پەشۆکاوی عەباس زیاد بوو، گوێی لێ بوو لەیلا دەچرپێنێ:

خۆشەویستم.. خۆشەویستم.

زیاتر و زیاتر پێوەی نووسا، شەرمی چەند جار زیادی کرد، گۆشت فریودانی خۆی ون کرد، عەباس نەیتوانی چاوەڕێ بکات، خۆی لە لەیلا دەرباز کرد بە جووڵەیەکی توندی کتوپڕ، بە وەستانەوە خەڵاتی کرد، نانەکەی لە سەر خوانەکە فڕاند و رووی کردە لای دەرگەی ژوورەکە.

لەیلا توانی قاچی عەباس بگرێت، تێی هەڵدا تێهەڵدانێکی بێ بەزەییانە، سکی پێکا، لەسەر پشت کەوت، بە ئازارەوە گریا، بە تەواوی رووت بووەوە.

عەباس لە ژوورەکە دەرچوو، بە راکردن لە حەوشەی ماڵەکەی دەربازبوو، دەرگەی حەوشەی کردەوە پاشان لە دوای خۆیەوە تفی لێ کرد، بە نێو کۆڵاناندا رای دەکرد و خۆی دوور خستەوە لە ماڵ، پاش کەمێک وەستا، پشتی دایە دیوارێکی لە گڵ دروستکراو، لە کاتێکدا پەنجەکانی بە توندی نانەکەی گرتبوو.